# ناونیشانه گرنگه کان بۆ کۆمه ک و پارمه تی

## داواکاری بۆ وەرگرتنی کرێی خانوو نرخی گواستنە

**ناوەندی کار لە مەگدەبورگ**
Otto-v.-Guericke-Str. 12 a
39104 Magdeburg

**سۆسیال و فەرمانگەت نیشتەجێبوون مەگدەبورگ**
Wilhelm-Höpfner-Ring 4
39116 Magdeburg
Tel.: 0391 540 34 08

## کەلوپەلی ناوماڵ

**AQB gGmbH**
Morgenstr. 10
39124 Magdeburg
Tel.: 0391 72 72 60

**GISE**
Schönebecker Str. 56
39104 Magdeburg
Tel.: 0391 40 951 07

## خانووی نیشتەجێبوون

**WOBAU – Wohnungsbörse**
Breiter Weg 117 a
39104 Magdeburg
Tel.: 0391 610 44 44

**Wohnungsbaugenossenschaft**
**Otto von Guericke eG**
Scharnhorstring 8 / 9
39130 Magdeburg
Tel.: 0391 726 12 00

**Wohnungsbaugenossenschaft**
**Magdeburg-Stadtfeld eG**
Peter-Paul-Str. 32
39106 Magdeburg
Tel.: 0391 568 49 10

**MWG-Wohnungsgenossenschaft eG**
**Magdeburg**
Letzlinger Str. 5
39106 Magdeburg
Tel.: 0391 569 84 44

## زانیاری و کۆمەک

**ڕێکخراوی کاریتاس لە بیستوم ی ماگدەبورگ**
**Interkulturelles Beratungs- und Begegnungszentrum**
Karl-Schmidt-Str. 5 c
39104 Magdeburg
Tel.: 0391 408 05 14 oder 0391 408 05 15

**ناوەندی بەکاربردن**
Breiter Weg 32
39104 Magdeburg
Tel.: 0391 543 99 79

**کۆمەڵەی کرێنیشینان لە مەگدەبورگ**
Otto-v.-Guericke-Str. 6
39104 Magdeburg
Tel.: 0391 561 91 55 oder 0391 541 01 09
E-Mail: info@mvmd.de

**ناوەندی هاونیشتیمانیان لە شاری مەگدەبورگ**
Bürgerbüro Mitte: Leiterstr. 2 A
Bürgerbüro Ost: Tessenowstr. 15
Bürgerbüro Süd: Salbker Chaussee 67
Bürgerbüro West: Bruno-Beye-Ring 50
Bürgerbüro Nord: Lübecker Str. 32

## ناوەندی کۆمەک و زانیاری بۆ قەرزداری کرێی خانو وبەکاربردنی سەرچاوەی ووزە

سۆسیال وفەرمانگەی نیشتەجێبوونی مەگدەبورگ
Wilhelm-Höpfner-Ring 4
39116 Magdeburg
Tel. 0391 540 34 08

**ناوەندی کۆمەک**
Wienerstr. 2
39108 Magdeburg
Tel.: 0391 629 33 73

**کۆمەلەی نێونەتەوەیی مەگدەبورگ**
Walther-Rathenau-Str. 30
39104 Magdeburg
Tel.: 0391 739 10 89

**ڕێکخراوی اڤۆ لە مەگدەبورگ**
Thiemstr. 12
39104 Magdeburg
Tel.: 0391 406 80 31

بۆ زانیاری زیاتر بە ئۆنلاین بچنە ناو ئەم ئەدرێسەی خوارەوە
**www.willkommen-in-magdeburg.de**

## یاداشتنامەی رادەستکردنی خانوو

یاداشتنامەی رادەستکردنی خانوو ئەو نووسراوەیە کە خاوەن خانوو تیایدا بارودۆخی خانووی بەکرێدراو و هەموو شتوومەکەکانی ناوی دەنووسێت ، بۆ ئەوەی لەکاتی چوونە دەرەوەی کرێچی لەخانووەکە هەرچێ تێکچوون وکەموکورتییێک لەکاتی کرێنیشیندا ڕوویدابێت ، ئەوا دابێت کرچی بۆ خاوەن خانووی بژمێریت

## تۆماری ناو ژمێریارەکان

بۆ ئەوەی بڕی بەکاربردوی کارەبا ، ئاو ، هۆکارەکانی ماڵگەرمکردن بزانرێن ،دەبێت تۆماری ناو ئەو ژمێریارانە(سعات) بخوێندرێتەوە ، کە زۆربەی ماڵان لە کۆگا (مخزن) دانراون ، یان زۆرجار لە سەرلولەکێشی ئاو لە گەرماوی ناو ماڵ هەن.

## بەڵگەنامەی ڕادەستکردنی خانوو

ئەو بەڵگەنامە پێویستەیە، کە لە فەرمانگەی تۆماری نیشتەجێبوون دەردەچێت و لە ڕێگای خاوەن خانوو لەگەل کرێبەستی کرێنیشینی ڕادەستی کرێچی دەکرێت.

## تەلەفزێۆن ورادیۆی ئەڵمانیا

کەناڵی یەک و دووی تەلەفزیۆنی ئەڵمانی و ڕادیوی ئەڵمانیا دەزگای پەخشی گشتی ویاساییین و لە هەموو یەکەێکی نشتەجێبوو برێکی دیاریکراو پارەی مانگانە وەردەگرن.

## هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست

هەموو گرێبەستێک کاتی هەڵوەشاندنەوەی سنووردار کراوە. دەبێت خاوەنی گرێبەست پێش تەواوبوونی کاتی دیاریکراوی گرێبەست بە نووسراوێک داواکاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بۆ ئەو شوێنەی

گرێبەستی لەگەل کردوە بنێرێت.

**چاپی دووەم ئەیلول ٢٠١٨ هەموو مافەکانی لە چاپدانەوە پارێزراون**
Dieses Projekt wird gefördert vom Ministerium für Inneres und Sport Sachsen-Anhalt.

**بڵاوکراوەی هاوبەش :**
Landeshauptstadt Magdeburg | Sozial- und Wohnungsamt | Abt. Zuwanderung
Caritasverband für das Bistum Magdeburg e. V. | Interkulturelles Beratungs- und Begegnungszentrum
Wohnungsbaugesellschaft Magdeburg mbH
Wohnungsbaugenossenschaft Magdeburg-Stadtfeld e G
Wohnungsbaugenossenschaft Otto von Guericke e G
MWG-Wohnungsgenossenschaft e G Magdeburg

**مافی نووسەر پارێزراوە**
Die veröffentlichten Inhalte und bereitgestellten Informationen unterliegen dem deutschen Urheberrecht und Leistungsschutzrecht. Jede Art der Vervielfältigung, Bearbeitung, Verbreitung, Einspeicherung und jede Art der Verwertung außerhalb der Grenzen des Urheberrechts bedarf der vorherigen schriftlichen Zustimmung des jeweiligen Rechteinhabers. Das unerlaubte Kopieren/Speichern der bereitgestellten Informationen ist nicht gestattet und strafbar.

# ڕوونکردنەوەو پێناسەی ئەو چەمکانەی لەم نامیلکەیەدا بەکارهاتوون

## نرخی خەرجی خزمەتگوزاریەکان

خەرجی خزمەتگوزاریەکان بریتین لە خەرجیەکانی ( ئاو، ماڵ گەرمکردن ، پاکردنەوەی خانوو ودەورووبەری ، بیمای خانوو ، باجەکان ، هتد) ئەو خەرجیانەش دەکەونە سەر خاوەن خانوو یان خاوەن زەوی خانووەکە . بۆ هەر کرێنیشینێک لە گرێبەستی خانوودا ڕوونکراوەتەوە ،کە بەشێکی ئەم خەرجیانە دەکەونە سەر کرێی مانگانەی خانوو. دوای ساڵێک تێکرای خەرجی ساڵ بۆ هەر کرێنیشینێکی ناو خانووە کە دیاری دەکرێت و هەر کرێنیشنێک کە لەسەروی بڕی خەملێندراوی مانگانەی بەکاربردبێت ئەوا دەبێت خەرجی زیادەی بەکاربردن بژمێرێت. وە ئەگەر کرێنیشین بڕی بەکاربردووی خەرجی خزمەتگوزاریەکانی کەمتر بێت لەو بڕەی کە مانگانە داویێتی ، ئەوا ئەو بڕە زیادەی کە داوییێتی وەریدەگرێتەوە -.

## بیما و تآمین

کەسی خاوەن گرێبەستی بیما ئەبێ لە کاتی دیاریکراودا ئەو بڕە پارەیە بدات ، کە بەرامبەر بیماکردن بۆی دانراوە . لەبەرامبەریشدا کۆمپانیای بیما (شریکەی تآمین) بەرپرسیارە لە قەربووکردنەوەی هەر زەرەرێک ، کە بەر کاڵای بیما کراو بکەوێت ، بۆ نموونە بیما کردنی کەلوپەلی ناوماڵ .

## پشک لە خاوەندارێتی هاوبەشدا

شێوازێکی کۆمپانیای تایبەتە . بۆ بە ئەندام بوون لەم کۆمپانیایە دەبێت خاوەنداری پشکەکانی بکەی .

ئەم پشکانەش بە پێی گەورەیی  باڵاخانەکان دیاریکراون.

## پێشەکی خانوو بەکرێگرتن

پارەی پێشەکی  ئەو بڕە پارەیەیە کە خاوەن خانوو بۆ دڵنایی لە کرێچی وەریدەگرێت ،پێش ئەوەی کلیلی خانووی رادەست بکات. هار کاتێ کرێچی کرێی مانگانەی بۆ خاوەن خانوو نەنارد ، یان زەرەرێکی گەیاندە خانوو و ئامادەنبوو چاکی بکاتەوە ئەوا خاوەن خانوو لەم پێشەکیە دەگێرێتەوە.

## گرێبەستی کرێنیشینی

گرێبەستی کرێنیشینی ڕێکەوتنێکی دوولایەنەی نووسراوە، کە لە نێوان خاوەن خانوو و کرێچی  واژۆ دەکرێت بۆ ئەوەی کرێچی ببێتە نیشتەجێی خانووە بەکرێگیراوەکە . گرێبەست هەردوو لایەن وابەستە دەکات بە جێبەجێکردنی ئەو بەندو خاڵانەی لە ناو گرێبەست دیاریکراون. واتە گرێبەست ئەرک ومافەکانی هەردوو لا خاوەن خانوو و کرێچی دەستنیشان داکات.  کرێنیشین بە پێی گرێبەست بەرپرسیارە لە پاراستنی خانوو کالوپەلەکانی ناوی ، هەروەها دانی کرێی مانگانە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا.

# ٨. خەرجی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ووزە

دەبی سەرچاوەکانی ووزە دەستیان پێوەبگیرێت و لە بەکارهێنانیان زێدەڕۆیی نەکرێت ، بۆئەوەی لە خەرجیەکەی پاشەکەوت بکەین و ژینگەش بپارێزین .

لە بەکارهێنانی ئاو، کارەبا ، هۆکارەکانی گەرمکردنەوە دەبێت زێدەڕۆیی نەکرێت وبە پێی پێویست بەکاربهێنرێن.

## آ) ماڵ گەرمکردن و هەوا گۆرکێ



* لە کاتی ئەنجامدانی هەوا گۆرکێی ناو ماڵەکەت ، کە رۆژی چەندجارێک ئەنجامی دەدەی دەبێت لەو کاتەدا ئامێری ماڵ گەرمکردن (هایتسونگ) دانەگیرسابێت وخرابێتە سەر نمرەی سفر.هەروەها کردنەوەی پەنجەرە بۆ ماوەیکی درێژ ولەسەر باری لاریدا دەبێتە هۆی دروستبونی کەڕو لە ناو ماڵەکەتدا.

* ئەبێت هەموو ژوورەکانی ماڵەکەت لە یەک ئاستدا گەرم بکرێن و جیاوازی پلەی گەرمی لە نێوانیان زۆر نەبێت . هەروەها لەو ژوورانەی کە زۆر بەکەمیش بەکاردێن نابێت پلەی گەرمی بچێتە ژێر پلەی ١٦ ی سەدی . تەنها لە رێگای یەکسان بوون و هاوتایی پلەی گەرمی ناو ماڵەکەت دەتوانرێ پاشەکەوتی ووزە بکرێت.

## ب) ئاو

* خۆشوشتن بە دووش زیاتر ئاو پاشەکەوت دەکات لە خۆ شۆردنی بانیۆ .

* لەکاتی ددان شوشتن وریش تاشین نابێت بەدرێژایی کاتەکە بەلوعەی ئاو کراوەبێت .

* لەکاتی شوشتنی قاپ و مانجەڵ هەوڵدە حەوزی قاپ شوشتن پربکەی لە ئاو وپێویستیەکانتی تێدا بشۆ ، نەوەک بەلوعەکە بەردەوام کراوە بێت تا هەموو پێویستیەکانت دەشۆی ، چونکە خەرجی ئاوبەم شێوەیە زیاد دەکات . هەرەها نابێت بۆ هیچ مەبەستێک بەلوعەی ئاو بە کراوەیی جێبهێڵدرێت.

## ج) کارەبا

* بۆ کەمکردنەوەی خەرجی کارەبا و پاراستنی ژینگە لە ماڵەکەتدا تەنها ئەو گڵۆپە دابگیرسێنە کە راستەوخۆ پێوستت بە روناکیەکەی هەیە .

* هەوڵدە ئەو گڵۆپانە بەکاربێنی کە بۆ پاشەکەوتی ووزە دروسیکراون وکارەبا کەم سەرف دەکەن .

* هەموو ئامێرە کارەباییەکانی وەک (تەلەفیزیۆن ، رادیۆ ، کۆمپیوتەر، ئامێرەکانی پەخشی دەنگ ) لە کاتی بەکارنەهێنانیان و کوژاندنەوەیان بەتەواوی کارەبایان لێببڕە .

هەروەها گرینگە ئەو پلاک وتەقسیمانە بەکار بێنیت کە دوگمەی کوژانەوە یان هەیە یان بەکۆنترۆڵ دەکوژێنەوە دادەگیرسێن .

* بەکارهێنانی ووزەی کارەبا زیاد لە پێویست دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی بڕی خەرجیەکەی .

خەرجی بڕی زیادەی باکارهاتوو(ناخ تسالونگ) دەکەوێتە ئەستۆی خۆت ، هەرچەنە وەرگری کۆمەکی سۆسیال وناوەندی کاروپیشەو فەرمانگەی نیشتەجێبوونیش بیت .

## ج ) پاراستن ودڵنیایی



* بۆ ئەوەی ڕێگای خۆڕزگارکردن و فریاگوزاری لەکاتی ڕووداوی نەخوازراو هەردەم کراوەو بەردەست بێت هیچ کەلوپەلێک لە بەردەم پێپیلکانەو قادرمەکان دامەنێن ، بەم شێوەیە دەتوانی ژیانی خۆت ودراوسێکانت لە ڕووداوە زیانبەخشەکانی وەک ئاگرکەوتنەوە بپارێزی.



* بۆ ئەوەی کەسی گومانلێکراو نەتوانن بێنە ناو خانووی ماڵەکەت هیچ دەرگایێک بە کراوەیی جێمەهێڵە.

* لەبەر مەترسی ئاگرکەوتنەوە گۆشتبرژاندن لە ناو بالکۆن و حەوشە قەدەغەیە



* جگەرەکێشان لە هەموو ئەو شوێنانەی ،کە لەگەل دراوسێکانت هاوبەشن ،وەک سەر پێپیلکانە و هەیوان و کۆگا(کەلەر) قەدەغەیە.



## د) دانانی ساتەلایت (ماهوارە)

بۆ دنانی ساتەلایت و وەرگرتنی ئەو کەناڵانەی ، کە خۆت مەبەستتە دەبێت ڕەزامەندی نووسراو بۆ هەڵواسینی سێڵی ساتەلایت لە خاوەن خانوو وەربگریت ، تا خاوەن خانوو شوێنی هەڵواسین و جێگای گونجاوت بۆ دیارییکات،

## ها) ئاژەڵ بەخێوکردن لە ناو ماڵ

بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵی ، وەک (سەگ، پشیلە ،یان هەر ئاژەڵێکی تری ماڵی ) دەبێت ڕەزامەندی خاوەن خانووی بۆ وەربگیرێت



## ب) پاراستنی پاکوخاوێنی

خاوێن ڕاگرتنی هەیوان وبەر دەرگاو کەراج و کۆگا(مخزن) ئەرکی کرێچیە و ئەبێ فەرامۆشی نەکات. لە هەندێ خانوو ئەم خاوێنکردنەوەیە بە کۆمپانیا سپێردراوە و تێچوونەکەی بەسەر هەموو کرێنیشینانی ناو خانوەکە دابەش دەکرێت و دەچێتە سەر کرێی خانوو.

بەرپرسیێتی خاوێنکردنەوەی ناو هەیوان (ممر)ی هاوبەش ئەرکی کرێنیشینە و بەپێی خشتەێک خاوەن خانوو دەیدات بە کرێنیشینان وئەبێ کرێچی خۆی پرسیاری نۆبەو کاتی خاوێنکردنەوە بکات.

لە ئەڵمانیا **ڕیسایکلین** ( بەرنامەی دووبارە سوود بینین لە خۆڵ وخاشاک) ڕۆڵێکی باڵا دەگێرێت.

کە لەڕێیەوە هەم ژینگە دەپارێزرێت وهەم ڕادەی بە فیڕۆدان کەمدەکاتەوە .

## جیاکردنەوەی خۆڵ وخاشاک :

بۆ فرێدانی خۆڵ وخاشاک و جیاکردنەوەیان لە یەکتری چەند جۆری تەنەکە خۆڵ تەرخانکراون کە بەپێی ڕەنگ خاشاکیان تێدا کۆدەکرێتەوە.



* تەنەکە خۆڵی ڕەش بۆ خاشاکی پاشماوە

* تەنەکە خۆڵی زەرد بۆ پلاستیک و بەرگی پێچانەوە

* تەنەکەخۆڵی قاوایی بۆ خاشاکی بیۆ

* تەنەکە خۆڵی شین بۆ کارتۆن وکاغەز



بۆ ئەوەی بۆنی ناخۆشی تەنەکە خۆڵەکان بڵاو نەبێتەوە دەبێت سەری تەنکەخۆلەکان

بەکراوەی جێنەهێڵین ودایانخەین.

دەبێت بۆریە کانی ئاوەڕۆ و توالێت لە مەترسی گیران دووربخەینەوە



ئاگادار بن پاشماوەی خواردن و قوماش وهەموو ئەو ماتریالانەی کونی توالێت دەگرن نەخرێنە توالێتەوە.

## چۆنیەتی فڕێدانی کەلوپەلی بێکەڵک

بۆ فرێدانی ئەو کەلوپەل وئەو ئامێرانەی کە تێکچوون و چیدی بەکار ناهێنرێن ،ئەوا دەبێت داواکارییەکی تایبەت پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی کارگوزاری

خۆڵ و خاشاک لە شارەوانی ماگدەبورگ بکرێت . هەر ماڵێک ساڵی دوو جار بە قەبارەی دوو مەتر سێجا ،یان جارێک بە قەبارەی چوار مەتر سێجا بە خۆرایی و بێ بەرامبەر دەتونن بەم شێوەیە سەرەوە کەلوپەلی نەخوازراویان فرێبدەن . بۆ بەرچاو ڕوونیتان لەو ڕۆژە داواکاریەکەت پێشکەش دەکەی تا ڕۆژی بردنی کەلوپەلەکان نزیکەی ٤ حەفتە دەخایێنێت.

**www.magdeburg.de/Leben-in-Magdeburg/Umwelt/Abfall**

# ٦. گواستنەوە

بەر لە گواستنەوەی ماڵ بۆ شوێنی دیکە ئەبێ کرێچی بە نووسراوێک خاوەن خانوو لە بەجێهێڵانی و گواستنەوە ئاگادار بکاتەوە، ئەو ئاگادار کردنەوەش **دەبێ ٣مانگ بەر** لە گواستنەوە بۆ خاوەن خانوو بنێردرێت. هەروەها دەبێت فەرمانگەی کارەبا و کۆمپانیای هێڵی تەلەفۆن و دەزگای خزمەتگوزاری تەلەفزیۆن وئینتەرنێتیش لە کاتی دیاریکراو لە ماڵ گواستنەوەکەت ئاگاداربکەیەوە ، تا گۆڕانکاری لەو گرێبەستانە بکرێت کە لەگەڵیان واژۆت کردوون.

بۆ ئەوانەی کۆمەک و یارمەتی لە فەرمانگەی سۆسیال و ناوەندی کار و پیشە و فەرمانگەی نیشتەجێبوون وەردەگرن ئەبێ بەر لە واژۆکردنی **هەر گرێبەستێکی خانوو** بەکرێگرتن زانیاری لە سەر خانووی بەکرێگیراو ونرخی بەکرێگرتن بخاتە بەردەم ئەو شوێنانەی کۆمەک ویارمەتیان لێوەردەگرن ، بۆئەوەی ڕەزامەندی کرێ و تێچونی گواستنەوە وەربگرن ئەمەش بە بەرزکردنەوەی داواکارنامەێک بۆ لایەنی یارمەتیدەر دەکرێت.

بۆ ئەوانەی هێشتا مافی پەنابەریان پشتراست نەکراوەتەوەو لە دۆخی چاوەڕوانی دان دەبێت لە فەرمانگەی کاروباری بێگانە (ئاوسلێندەربیهۆردە) و فەرمانگەی سۆسیال وفەرمانگەی نیشتەجێبوون داوکارییێک بەرزبکەنەوە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بڕی تێچوونی گواستنەوەو کرێی مانگانە.

ئاگاداربە: بەر لە وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنی کۆمەککار هەر گرێبەستێکی خانوو بەکرێگرتن واژۆ بکەی ئەوا داواکری تێچوونی گواستنەوە و کرێی مانگانەی خانوو ڕەتدەکرێتەوە .

# ٧. پاراستن وچاودێریکردنی خانوو

دەبێت زۆر ئاگادارو وشیاربن لە ڕەچاوکردنی ئەو ڕێساو نەریتانەی ، کە پاراستنی هێمنی وئارامی بۆ دراوسێ و پاکوخاوێنی دەستەبەر دەکەن . هەموو ئەو ڕێساو نەریتانەش لە ناو گرێبەستی خانوو نووسراون ودەکرێ بە وردی بیانخوێنەوە.

## آ) پاراستنی هێمنی ودوورخستنەوەی ژاوەژاو



* دەنگی رادیۆ و تەلەفزیون هێندە بەرزنەکرێتەوە دەوروبەر سەخڵەت بکات .

* ڕۆژانە لە کاتژمێر ١ی پاشنیوەرۆ تا ٣ی پاشنیوەرۆ هەروەها لە ١٠ی شەو تا ٧ی بەیانی بە کاتی ئارامی دیاریکراوە ناکرێت بە هەر ئیش وکارێکی ناو ماڵ ،وەک گسک بەکارهێنان و چەکوش کاری و موزیک ژەنین دەر و دراوسێ سەخڵەت و نیگەران بکرێن.



* لە ڕۆژانی یەکشەم و ڕۆژانی پشوو دەبێت ئارامی و هێمنی تەواو پارێزراوبێت.

* لەکاتی ئاهەنگ گێران و میوانداری بە گرووپ بە تایبەت ئەگەر تا دوای کاتژمێر ١٠ شەو بەردەوام بێت ئەوا دەبێت پێشتر دراوسێکان ئاگاداربکرێنەوە .

.

### ٣.٣. ئینتەرنێت و تەلەفیزیۆن

بۆ ڕاکێشانی هێڵی ئینتەرنێت پێویست دەکات گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیاییکی هێڵی ئینتەرنێت واژۆ بکەی ، مانگەنە بڕێک پارەی دیریکراو بەپێی جۆری گرێبەست بە کۆمپانیاکە بدەی.هەروەها بۆ کۆتای هێنان بە گرێبەست لە کاتی دیاریکراو دەکرێت بە نامەێک گرێبەست هەڵبوەشێنیەوە.

### ٣. ٤. بیمای ناو ماڵ/ بیمای بەرپرسێتی

بیمای ناوماڵ جێی بایەخی زۆرە ،چونکە دڵنیایی پاراستنی کەلوپەلی ناو ماڵە. هەموو ئەو کەلوپەلانەی ڕۆژانە بەکاردێن و بەکاردەبرێن پارێزراو دەبن لە مەترسیەکانی ئاگر ، ئاو ،ڕەشەبا ، تەزرە ، ماڵبڕین ،دزی ،تێکدان . هەر کەسێک ئەم بیمایەی نەبێت و ڕووداوێکی لەم شێوانەی سەرەوەی بەسەر بێت ئەوا دەبێت خۆی زەرەری ناو ماڵەکەی بژمێرێت.

بۆ ئەوەی لە ڕووداوە نەخوازراوەکانی ڕۆژانە زەرەرمەند نەبیت زۆر گرنگە ئەم جۆرەی بیمات هەبێت.

ئەبێت ئاگادار بن ، **کە هەر کەسێک ببێتە هۆکاری ڕووداوێکی زەرەرهێن ،ئەوا خۆی بەرپرسێتی تەواوی دەکەوێتە ئەستۆ.**

گرنگە بزانن، کە هەموو گرێبەستێکی بیما کاتی کار پێکردن و هەڵوەشانەوەی دیاریکراوە.



## ٤. کێشەو گرفتەکانی خانووی نیشتەجبوون

لە کاتی ڕوودانی کێشەو گرفت لە ناو خانوو و هەیوانی خانوو، کە دەکرێت زۆرجار ڕوو بدەن وەک کەمی پێویستێک یان تێکچوونی پێویستیێکی ناو خانوو، بۆ چارەسەری گرفت وپشتیوانی پەیوەنەی بە خاوەن خانووەوە بکەن ،بۆیە گرنگە هەردەم ژمارەی تەلەفۆنی خاوەن خانو لاتان پارێزراو بێت .بۆ هەندێ کێشەی لەناکاودا ،وەک تەقینی بۆری ئاو ئەوا دەبێت پەیوەندی بەو فریاگوزاریەوە بکەی کە خاوەن خانوو پێشتر پێی ناساندووی .زۆر لەو زانیاریانە لەناو گرێبەستی خانوو و هاوپێچەکانی دەدۆزنەوە. لە زۆر خانووشدا لە دەرگای هاتنەژوورەوەی سەرەکی ئەم زانیاریانە هەڵواسراون.

## ٥. دەستکاری کردنی خانووی کرێ وگۆڕانکاری کردن لە خانوودا

کرێچی بۆی نیە بێ ڕەزامەندی خاوەن خانوو هیچ گۆڕانکارێک لە خانوودا بکات بۆ نموونە (دانانی لامینات یان کاشیکردنی هەر شوێنێکی خانووە کە) پێشتر دەبێت ڕەزامەندی خاوەن خانوو وەربگرێت ئینجا گۆڕانکاری تێدا بکات. هەندێکجار وا پێویست دەکات لە کاتی بە جێهێڵان و گواستنەوە بۆ خانوێکی دی شوینە دەستکاری کراوەکان وەک دۆخی جاران لێبکرێتەوە.

### ٣.٢. خۆ تۆمارکردنەوە لای ئەو شوێنانەی کە بەپێی گرێبەست وابەستەی پێیانەوە

ئەگەر گرێبەستی تەلەفون وئینتەرنێتت هەبێت ئەوا دەبێت ئەو کۆمپانیایەی گرێبەستت لەگەڵ کردوون لە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونت ئاگاداریان بکەیتەوەو ناونیشانی نوێیان بدەیتی.

### ٤.٢. ئاگادار کردنەوەی فەرمانگەی پۆست لە شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ

بۆ گەیشتنی نامەو پۆستەکانت پێویستە لە نزیکترین لقی پۆست داواکارییێک پێشکەش بە فەرمانگەی پۆست بکەی بۆ ئەوەی هەموو ئەو نێردراوانەی بە ناونیشانی کۆن بۆت دەەنێردرێن لە ناونیشانی نوێ بەدەستت بگەن، ئەمەش ڕاستەوخۆ لە فەرمانگەی پۆست یان بە (ئۆن لاین)داواکاریەکەت دەگەێنی.

ئەبێ ئاگادار بیت ، کە ئەم داواکاریە بە خۆرایی نیە و بۆ شەش مانگ نرخەکەی نۆزدە ئۆیرۆ و نۆهەد سەنتە، هەرواها بۆ ساڵێک نرخەکەی ئاکاتە بیست وشەش ئۆیرۆ و نۆوەد سەنت. ئەگەر بە ئۆن لاین داواکاریەکەت پێشکەش بکەیت ،ئەوا دەبێت لە ڕێی ئەدرەسی ئەم واڵەی خوارەوە بیکەیت.

www.nachsenden.de

## ٣. خۆتۆمارکردن

### ١.٣ . فەرمانگە یان کۆمپانیای کارەبا

بۆ بەدەستهێنانی کارەبا پێویستە لای کۆمپانیایکی گەیاندنی کارەبا خۆت تۆمار بکەی بەوپێیەش پێویستت بە ژمارەو بری کارکردووی ژمێریار(سعات) ی کارەباهەیە، هەروەها دەبێت یاداشتنامەی ڕادستکردنی خانووش کە لای خاوەن خانوو پرکراوەتەوە بدرێتە کۆمپانیای گەیاندنی کارەبا.

هەندێ کۆمپانیای خاوەن خانوو خۆیان ئەم مامەڵەیەی کارەبا ڕایی دەکەن وەک کۆمپانیای

WOBAU Magdeburg mbH.

### ٢.٣. خزمەتگوزاری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەڵمانی

ئەگەر لەماڵەکەت خاوەنی رادیو ،تەلەفیزیۆنی یان لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە کۆمپیوتەرو هاندی بەکار بێنێ ،ئەوا ئەبێت بۆ ئەم خزمەتگوزاریە خۆت لای گۆڕمەی خزمەتگوزاری (بایتراگس سێرڤس) تۆمار بکەی ،هەروەها برێکی دیاریکراو پارە بدەی. هەموو ئەوانەی کۆمەکی سۆسیال، کۆمەکی خوێندن ، کۆمەکی ناوەندی کار و پیشە ، کۆمەکی خوێندنی پیشەیی، داواکارانی مافی پەنابەری ، کۆمەکی نیشتەجێبوون وەردەگرن لەم برە پارەیە دەبەخشرێن ، پاش ئەوەی فۆڕمی داواکاری بەخشین و نامەی پشتڕاسکردنەوەی کۆمەک وەرگرتن بۆ ناوەندی خزمەیگوزاری ڕادیو وتەلەفزیۆنی ئەڵمانی دەنێرن. بۆ زیاتر زانیاری سەیری ئەم واڵە بکەن.

www.rundfunkbeitrag.de

بۆ خۆ تۆماركردنەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ دەبێ كرێچی گەواهی نامەی خانوو(ڤۆنونگس گێبە بێشاید) ، كە لە خاوەن خانوو وەریدەگرێت، بیخاتە بەردەم فەرمانگەی تۆماری نیشتەجێبوون.

بۆ وەرگرتنی موعید لە نووسینگەی هاونشتیمانی( بۆیرگەر بیرۆ ) دەتوانن لە ڕێگای ئینتەرنێتەوەوە پەیوەندی بەم ئەدرێسەوە بكەن

(www.magdeburg.de)

## ١.٢ . خۆتۆماركردنەوەو ئاگادار كردنەوەی فەرمانگەكان لە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون

ئەو فەرمانگە فەرمیانەی كە دەبێت لە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبونت ئاگادار بكرینەوە:

ـ نووسینگەی هاونیشتیمانی(بۆیرگە بیرۆ) بۆ ئەوەی ناونیشانی نوویێت بخەنە سەر بەڵگەنامە فەرمیەكان.

ـ سۆسیال و فەرمانگەی نیشتەجێبوون(ڤۆنونگس ئامت)

ـ فەرمانگەی نەوجەوانان(یوگندئامت)

ـ ناوندی كار وپیشە(جۆب سێنتەر)

ـ فەرمانگەی باج (فینانتس ئامت)

## ٢.٢ . خۆ تۆماركردنەوە لای دامودەزگاكانی دیكە

چەند دامودەزگایێكی فەرمی و نافەرمی دی هەن كە دەبێت لە گۆڕانكاری شوێنی نیشتەجێ بوون ئاگادار بكرێنەوە . ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیێكن

ـ بانك ئەبێ لە شوێنی نیشتەجێبوونی نوویت نزیكترین بەشی ئەو بانكەی كە ژمارەی حیسابت لێكردۆتەوە لە گۆڕینی ناونیشانت ئاگاداریان بكەیتەوە.

ـ باخچەی ساوایان و قوتابخانەی منداڵەكان

ـ خاوەن كار( ئەو كەسەی یان ئەو شوێنەی كاری لا دەكەیت)

ـ پارێزەر

ـ هەموو ڕێكخراو و دامودەزگاو كۆمپانیایانەی كە گرێبەستی حسابیت لەگەڵدا هەن.

ـ كۆمەڵەكان (جمعیات)

ـ كۆمپانیاكانی بیما ، وەك بیمای تەندروستی و هەموو جۆرەكانی تری بیما(تآمین) ، چ ئەوانەی

خۆویست چ ئەوانەی ئەركن بكرێن (آجباری) ین.

خوشک و برایانی بەرێز

لە ئەڵمانیا کرێنیشینی بە یاسا و رێسای تابەت رێکخراوە، کە دەبێت هەرکەس پەیرەویان بکات

بۆ زیاتر زانیاری و ڕوونکردنەوە ئەم نامیلکەیەتان دەخەینە بەردەست. بۆ ئەم مەبەستەش هەر کەسێک پێویستی بە یارمەتی و هاوکاری کردن بێت ،ئەوا لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا چەند ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنتان دەخینە بەر دەست بۆ ئەوەی بتوانن ڕاسەوخۆ پەیواندیان پێوە بکەن.

## ١- گرێبەستي كرێنيشيني وياداشتنامەی ڕادەستكردني خانوو.

گرێبەستی کرێنیشین و یاداشتنامەی ڕادەستکردنی خانوو دوو بەڵگە نامەی زۆر گرینگن ،چونکە لەڕێیانەوە ماف و ئەرکی کرێچی و خاوەن خانوو دیاری دەکرێت. دەبێت لە یاداشتنامەی رادەستکردنی خانوو تەواوی بارودۆخی خانووەکە بنووسرێت و بڕی بەکارهاتووی کارەبا وئاو وگەرمکەرەوەی ماڵ لەرێگای ژمێریار(سعات)ی تایبەت بەهەر یەکێکیان بنووسرێت، تا لە کۆتایی ساڵدا خەرجی ئەو بڕە بەکاربردوە بدەی کە بەکارت هێناوە. زۆر گرنگە کە کرێچی بە وردی یاداشتنامەی ڕادەستکردنی خانووی بەکرێگیراو بخوێنێتەوە ، بۆئەوەی لە دروستی زانیاریە نووسراوەکان دڵنیا بێت.

دەبێت کرێچی هەردوو بەڵگەنامەی کرێنیشینی و یاداشتنامەی ڕادەستکردنی خانوو بە باشی بپارێزێت، بۆئەوەی  هەموو کات ماف وئەرکی کرێنشینی خۆی بزانێت و مافەکانی پارێزراو بێت.

هەر خانووێک  پێشەکی و دڵنیایی و پشک (سهم) بکاتە پێشمەرجی نووسینی گرێبەستی کرێ.

بۆ ئەوانەی کۆمەکی سۆسیال وەردەگرن ، دەتوانن لە ڕێی سۆسیال و فەرمانگەی نیشتەجی بوون و فەرمانگەی ناوەندی کارو پیشە داواکارنامەیێک بۆ ئەم فەرمانگانە بەرز بکەنەوە بڕی پارەی دیاریکراو بۆ ئەم پێشەکی و دڵنیای و پشکە  پێشمەرجانە وەربگرن، بەڵام دەبێت ئەم بڕەپارانە لە دواییدا بگێڕدرێنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی وەرگیراوە .

## ٢- خۆ تۆماركردنەوە لە كاتي گۆڕيني ناونيشاني شوێني نيشتەجێبوون

لە کاتی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون ئەرکێکی یاساییە کە ئەبێت چەند فەرمانگەێکی فەرمی لێ ئاگاداربکەنەوە، بۆ ئەوەی هەمێشە بەردەست بیت و هەموو نامەو ڕاسپاردەێکت بەدەست بگات.

بۆ هەرکەسێک کە ناوونیشانی دەگۆڕێت دەبێت لەماوەی دوو حەفتە خۆی لە فەرمانگەی تۆماری نیشتەجێبوون (ئاین ڤۆنە مێلدە ئامت) تۆمار بکاتەوە . دوای تێپەربوونی دووحەفتە ئەگەر خۆت تۆمار نەکردبێتەوە ،ئەوا بەرپرسێتی یاسایت دەکەوێتە ئەستۆ و بەپێی بەندی ١٩ لەیاسای تۆماری ئەڵمانی سزای ماڵیت بەسەردا دەسەپێت.



# ڕێبەری

## کرێنیشینی بۆ کۆچبەران



**kurdisch-sorani**

Caritasverband für das Bistum Magdeburg e. V.
caritas
Die Stadtfelder
Wohnungsbaugenossenschaft Magdeburg-Stadtfeld eG
WOBAU
Wohnungsbau genossenschaft Otto von Guericke eG
MWG
ottostadt magdeburg